گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە( ٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕۆڵی قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر لە خزمەتی زانستی شارەکەدا 1868-1918 "توێژینەوەیەکی مێژوویی شیکارییە"

**د. بژار عوسمان ئەحمەد**
بەشی مێژوو, فاکەڵتی ئاداب, زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق
bzhar.ahmed@hist.soran.edu.iq

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٤/٣/٢٤
پەسەندکردن:٢٠٢٤/٤/٢٨
بڵاو کردنەوە:زستان٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**
*Erbil, School, Rushdiyye, Teacher, Student.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.4.7

## پوختە

بە درێژایی مێژوو زانست و زانایان پێگەیەکی دیاریان لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا هەبووە و کتێب و بەرهەمەکانیان بەجێهێشتووە، لەسەردەمانی کۆندا مزگەوت و مەدرەسە و حوجرەکان ناوەنی زانستی و فێرگەی زانستخوازان بوو، بەڵام لە سەردەمانی کۆتایی حوکمڕانی عوسمانی لە کوردستان بەگشتی و لەشاری هەولێر بەتایبەتی، ئەوا قوتابخانە بە فەرمی لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە درووستکرا و مووچە بۆ مامۆستاکانی قوتابخانە بڕاوەتەوە و قوتابیان بۆ خوێندن هاندراون .
ئەوەی جێگای سەرنجە سەرەڕای ئەوەی لە چەندین سەرچاوەدا باس لە قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر و ڕۆڵی قوتابخانەکە لە پێشخستنی زانستی شارەکەدا کراوە، بەڵام بەهۆی دەستنەگەیشتن بە بەڵگەنامەکانی عوسمانی وەکو پێویست، ئەوا وایکردووە زانیارییەکان لەبارەی هەموو لایەنەکانی ئەم قوتابخانەیە وەکو پێویست بەردەست نەبێت، هەربۆیە ئەم توێژینەوەیە کاردەکات بۆ پیشاندانی سەرجەم لایەنەکانی ئەم قوتابخانەیە بە سوود وەرگرتن لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی و سەرچاوە و ژێدەرەکانیتر.
بۆ ئەم توێژینەوەیە پشتمان بە چەند میتۆدێکی زانستی بەستووە، لە پێش هەموویان میتۆدی شیکاری مێژوویی و خستنەڕوو و شیکردنەوەی دەقی بەڵگەنامەکان وەکو سەرچاوەی یەکەم، هەروەها بەکارهێنانی سەرچاوە

زانستییەکانی تری وەکو کتێب و توێژینەوە و نامە زانستییەکان، هەروەها بە پشت بەستن بە میتۆدی بەراوردکاری لەنێوان سەرچاوەکان و ساڵنامە و بەڵگەنامە فەرمییەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا کە زانیاری ورد لەمبارەیەوە دەخەنەڕوو.
ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستیانەیە بۆ پیشاندانی ڕۆڵی قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر لە ژیانی زانستی شارەی هەولێر لە نێوان ساڵانی 1868-1918 دا، کە لەم ماوەیەدا خزمەتی بە لایەنی زانستی شاری هەولێر کردووە و چەندین ڕۆڵەی شارەکەی بە زانستێکی زۆرەوە پێگەیاندووە.

## پێشەکی :

لە نێو مێژووی کورد دا زانست هەمیشە گرنگی پێدراوە، لایەنی زانستی و بەشداری زانستیانەی زانایانی کورد لەنێو شارستانییەتەکاندا بوونی هەبووە، بەتایبەتیش لەسەردەمانی دەوڵەتی عوسمانیدا خوێندن و زانست بایەخی خۆی هەبووە، چەندین زانای کورد لە بواری جیاوازدا هەڵکەوتوون، کە نووسین و بەرهەمی زانستییەکانیان لەدوای خۆیاندا جێهێشتووە، بێگومان دەبێ ئەمەش بزانین لەسەدەکانی رابردوو، لە کوردستاندا مەدرەسە و حوجرە و مزگەوتەکان ناوەندی زانستی بوون، بەتایبەتی لە شاری هەولێر ناوەندی زانستی و مەدرەسە بوونی هەبووە .
ئەوکاتەی قوتابخانەیەکی فەرمی سەر بەدەوڵەتی عوسمانی لە شاری هەولێر دامەزرێنرا، ئەوا قوتابخانەی ڕوشدییە بوو، کە سەر بە وەزارەتی پەروەردە (وەزارەتی مەعاریف)ی دەوڵەتی عوسمانی بوو، ئەم قوتابخانەیە هەر لە ساڵی دامەزراندنییەوە (1868) تاکو کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی و ڕۆیشتنی عوسمانییەکان لە هەولێر خزمەتی بە لایەنی زانستی شارەکە کردووە و چەندین قوتابی لەم شارەدا پێگەیاندووە، ئەویش بەهۆی پلانی زانستی و تۆکمەیی سیستەمی خوێندنەکەی، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە سەرچاوەکان و توێژینەوەکان زانیاری زۆر وردییان لە بارییەوە بەیان نەکردووە، چونکە سەرچاوەکانی پێشوو وەکو پێویست باسییان نەکردووە و نووسەرانیش وەکو پێویست دەستیان بە بەڵگەنامەکانی عوسمانی نەگەیشتووە، هەربۆیە زانیارییەکان زیاتر لە چەند سەرچاوەیەکەوە وەرگیراون و چەند بابەتێکی دیریکراو لەخۆ دەگرن .

لەم توێژینەوەیە دا باس لە ڕۆڵی قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر لە ژیانی زانستی شارەکەدا لە ماوەی ساڵانی 1868-1918 دەکەین، ئەویش بە پشت بەستن بە بەڵگەنامە بڵانەکراوەکانی عوسمانی و سەرچاوەکانی تایبەت بە مێژووی شاری هەولێر لەو سەردەمیدا .

ئامانج لەم توێژینەوەیە دا ئەوەیە تیشك بخەینە سەر کاریگەری و ڕۆڵی زانستی قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر لە خزمەتکردنی زانستی شارەکە و پێگەیاندنی نەوەیەکی نوێ لە شاری هەولێر، کە ئەم نەوەیە لەیەك کاتدا جگە لە زمانی دایك، ئەوا شارەزای زمانەکانی فارسی و عەرەبی و تورکی عوسمانیش ببێت، هەروەها شارەزای زانستە شەرعییەکان و قورئان و زانستەکانی خۆشنووسی و ئەندازە و ژمێریاری ببێت. ئەویش بە پشت بەستن بە چەند میتۆدێکی زانستی لە پێش هەموویان میتۆدی شیکاری مێژوویی و خستنەڕوو و شیکردنەوەی دەقی بەڵگەنامەکان وەکو سەرچاوەی یەکەم، هەروەها بەکارهێنانی سەرچاوە زانستییەکانی تری وەکو کتێب و توێژینەوە زانستییەکانی وەکو ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا، هەروەها پشت بەستن بە میتۆدی بەراوردکاری لەنێوان سەرچاوەکان و بەسالّنامە و بەڵگەنامە فەرمییەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا کە زانیاری ورد لە بارەیەوە دەدەن، لە گرنگترین ئەو سەرچاوانەش کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێنراون، ئەوا بریتین لە (مهدي محمد قادر، التعليم في جنوب كوردستان في العهد العثماني 1869-1918، أربيل، مطبعة جامعة صلاح الدين، 2021)، (سەعدی عوسمان هەروتی، هەولێر لەسەردەمی عوسمانیدا 1514-1918، چاپخانەی کاروان، هەولێر، 2023)، کە دوو سەرچاوەی زۆر گرنگی ئەو بابەتەن و زانیاری پڕ بایەخ لەبارەی ڕۆڵ و پێگەی قوتابخانەی ڕوەشدیەیی هەولێر دەخەنە بەردەستمان، هەروەها یەکێکیتر لەو سەرچاوانەی کە زانیاریی گرنگی لەبارەی ئەم بابەتەوە تێدایە، بریتییە لە هەردوو ماستەرنامە و تێزی دکتۆرای بەڕێزان, (Hashim Jasim Mohammed TOONJİ, ERBĠL KAZASI'NIN SĠYASĠ (Ashti Rahman ،SOSYAL VE EKONOMĠK DURUMU (1876-1908), DOKTORA TEZİ) کە Bakr BAKR, OSMANLI DÖNEMİ’NDE ERBİL (18. VE 19. YÜZYILLARDA), MA). ئەوانیش لە زۆر باسی ڕۆڵ و پێگەی قوتابخانەی روشدییەی هەولێر لە خزمەتی زانستی شاری هەولێر دەکەن و زانیاری نوێمان بۆ بەیان دەکەن، بەڵام لەزۆربەی بابەتەکاندا داتای ورد وەکو پێویستمان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە( ٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناخەنە بەرەدەست، لەکاتێکدا توێژەران بەئاسانی دەستیان بە بەڵگەنامەکان و سەرچاوەکانیتر دەگەیشت .

لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لەم توێژینەوەیەدا پێی گەیشتوین بریتیە لەوەی کە قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر لە ساڵی 1868 زاینی بنیاتنراوە، هەروەها دەرچوانی خودی قوتابخانەکەش وەکو مامۆستا لە قوتابخانەکەدا دامەزراونەتەوە، جگە لە هەبوونی مامۆستای زانستە جۆربەجۆرەکان، ئەوا مامۆستای وانەی خۆشنووسیش گرنگی پێدراوە. هەروەها قوتابیانی ڕوشدییەی هەولێر لەماوەی سێ ساڵدا چەندین وانەی سەرکیی و گرنگیان خوێندووە.

ئەم توێژینەوەیە لە دەروازەیەك و سێ تەوەرەی سەرەکی پێکدێت، کە ئەوانیش دابەش دەبنە سەر چەند باسێك، لەوانە: لە دەروازە دا باسی ڕەوشی زانستی و فێربوون لە هەولێر بەر لە دامەزراندنی قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر کراوە، لە تەوەرەی یەکەمدا باسی دامەزراندنی قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر و نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکە و درووستکردنی قوتابخانەیەکی سەرەتایی (ابتدائی مکتبی) لە هەولێر کراوە، لە تەوەرەی دووەمیشدا باسی دامەزراندنی مامۆستایان و پاسەوان بۆ قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر کراوە، هەرچی تەوەرەی سێیەمیشە تایبەتە بە قوتابیان و وانەکانی قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر. هەروەها بە خستنەڕووی چەند ئەنجامێك توێژینەوەیەکەشمان کۆتایی پێهێناوە.

## دەروازە: ڕەوشی زانستی و فێربوون لە هەولێر بەر لە دامەزراندنی قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر:

شاری هەولێر هەر لەسەردەمانی حوکمڕانی میرنشینە ئیسلامییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە قوتابخانەی تێدا هەبووە و زانست لایەنێکی دیاری ئەم شارە بووە، بەتایبەتی لەسەردەمی ئەتابەگییەکان لەشاری هەولێردا زانست و وانە لە مزگەوتەکان بە بەردەوامی دەگوترانەوە، هەروەها لەو سەردەمیدا چەندین قوتابخانەش تایبەت بە خوێندنی فەرمووده و قورئان هەبوون و چەندین زانای ناودار لەو شارەدا خوێندویانە و پێگەیشتوون (Mustafa, 2016, 39-40). تەنانەت پێشی ئەوکاتەش، واتە لەسەرەتای سەدەی شەشەمی کۆچی (12 زاینی) خوێندنگەی عوقەیلی لە شاری هەولێر لە خوارەوەی قەڵای هەولێردا بوونی هەبووە (هەروتی، 2023، 132). لەدواتریشدا لەسەرەتای

هاتنی عوسمانییەکان بۆ ناوچەکانی کوردستان، ئەوا دەبینین چەندین جۆری قوتابخانە هەبوون، لەوانە قوتابخانەکانی سەرەتایی کە بە قوتابخانەی منداڵان (صبيان مكتبی) ناسرابوون یاخود (کتاتیب) پێدەگووترا، دارالقران (ئەحمەد، 2020، 153)، دارالحديث ، جگە لەمانەش لەوکاتیدا لە هەولێر زیاتر لە مزگەوت و مەدرەسەکاندا وانەکان دەخوێنران، هەروەکو لەسەردەمی حوکمڕانی میرانی سۆران لە شاری هەولێر دا، بەتایبەتی لەسەردەمی عزەدین شێری میری سۆران (1525-1535) لە ڕۆژهەڵاتی هەولێردا دوو مزگەوت و خانەقایەکی بنیاتناوە، هەروەها مەدرەسەیەکی درووستکردووە و مامۆستای لە شاری موسڵەوە بۆ هێناوە، هەروەها میرسلێمان بەگی کوڕی قولی بەگ، ئەویش دوو زانای لە بەناوبانگی لە میرنشینی ئەردەلانەوە بۆ شاری هەولێر هێناوە، کە یەکێکیان لەوانە مەلا حەیدەری باپیرە گەورەی حەیدەرییەکانە، ئەوەیتریش مەلا ئەبوبەکری باپیرە گەورەی مەلای گچکەی هەولێر بوو (هەروتی، 2023، 133-134). هەروەها شاری هەولێر بۆماوەیەك لەلایەن بابانەکانەوە حوکمڕانی دەکرا، بەتایبەتی لەسەردەمی سلێمان پاشای باباندا (1760-1761) گرنگی بەزانست و زانیاری لە شاری هەولێر داوە و ژمارەیەکی زۆر لە موڵك و داهاتەکانی لەسەر مزگەوت و خوێندنگە و زانا و قوتابیانی ناوچەکەدا وەقف کردووە (هەروتی، 2023، 135).

لەدوای ڕووخانی میرنشینە کوردییەکان و لەسەردەمی سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم (1839-1861) ئەوا قوتابخانەیتریش کە بە (مدارس صفوف الثانية) ناسرابوون دامەزرێنران (قادر، 2021، 127). جگە لەمانەش زانست و وانە لە مزگەوت و مەدرەسە و هەندێ کات لە تەکیە و خانەقاکانیشدا دەخوێنران، هەروەها لە سوختە و لەناو ماڵی مەلاکان و لە دوکان و سوچێکی مزگەوتیشدا وانە دەدرانەوە (هەروتی، 2023، 139).

سەبارەت بە تەمەنی خوێندن و شوێنەکانی خوێندن و وانەگوتنەوە، ئەوا لە قۆناغی یەکەمی خوێندندا منداڵان لە تەمەنی شەش ساڵییەوە دەخرانە بەر خوێندن و لە سەرەتادا تەنها پیت و وشەکان و فێربوونی خوێندنەوەی سەرەتاییانەی قورئانفێردەبوون، کە ئەمەش لەلایەن مامۆستایانی مزگەوتەوە فێردەکران و ئامادەکارییان دەکرد بۆ لەبەرکردنی قورئان، کە ئەم قۆناغەش تەنها سێ ساڵی دەخایاند (Bakr, 2015, 53)، دەبی ئاماژە بەوەش بکەین بەشێکی زۆری منداڵان تەنها بۆ خوێندنی سەرەتایی، واتە بۆ خوێندنەوەی قورئان و فێربوونی کەمێك ژمێریاری (حساب) دەچوون لەلای

مامۆستایانی ئاینی دەیانخوێند، کە ئەم قۆناغە پێی دەگوترێ کتابی یاخود قوتابی، هەربۆیە شوێنی خوێندنی ئەم قۆناغە مەرج نەبوو لەناوچەندە زانستییەکان یاخود لە قوتابخانە و مەدرەسە فەرمییەکان بێت (هەروتی، 2023، 139). هەروەها لە قۆناغی دووەمدا زۆر جاران ئەو منداڵانەی لە تەمەنی هەشت یاخود نۆ سالیدا دەخرانە بەرخوێندن لەو شوێنانەی کە پێیان دەگوترا سوختە، کە ئەویش زیاتر وانەکانی ڕێزمانی عەرەبی و (نحو و صرف) و دەخوێنران، لە قۆناغی سێیەمیش دا هەر لە ڕێگای مزگەوت و مەدرەسەکانەوە بابەتەکانی فیقهییان دەخوێند، کە ئەمەش دوو ساڵی دەخایاند. لە قۆناغی چوارەمیش دا بابەتەکانی فیقهی و تەفسیر و بابەتە جۆربەجۆرەکانی زانستی شەرعی دەخوێنران، کە ئەم قۆناغەش پێنج ساڵی دەخایاند، لەدوای کۆتایی هاتنی ئەم قۆناغەش، ئەوا ئیجازەی مەلایەتییان پێدەدرا (Bakr, 2015, 53).

ئەگەرچی توێژینەوەی جیاواز و بیروبۆچوونی جیاواز دەربارەی ژمارەی خوێندنگەکانی ئەوکاتی شاری هەولێر هەیە، بەڵام بەپێی ساڵنامەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە سەردەمی هەبوونی قوتابخانەی ڕوشدییە لە شاری هەولێردا، ئەوا تەنها حەوت خوێندنگە بە فەرمی ئاماژەی پێکراوە، کە بریتین لە خوێندنگەی ئەبوبەکر (لەناو قەڵای هەولێر)، خوێندنگەی فاتیمەخان (شوێنکەی لە خواروی قەڵایە)، خوێندنگەی خانەقا (شوێنەکەی لەسەر قەلایە)، خوێندنگەی مزگەوتی چۆلی (لەنزیك سەرای حکومەت)، خوێندنگەی مەلا ئیسحاق (لەخواروی قەڵا)، خوێندنگەی حاجی ژن ئامینە (لە دامێنی قەڵا)، خوێندنگەی عەبدە یاخود عەبدوڵلا (لە نزیك سەرای حکومەت) (سالنامة نظارت معارف عمومية، 1319هـ/ 1901م ، 916-917 ؛ سالنامة نظارت معارف عمومية، 1321هـ/ 1903م ، 683).

هەروەها چەند خوێندگەیەکیتریش لە سەرچاوەکاندا ئاماژەیان پێکراوە، لەوانە: خوێندنگەی مەلا عەبدولرەحمان گەردی، لە هەندێ سەرچاوەشدا بە خوێندگەی قەڵای هەولێر (مدرسه قلعة أربيل) ناسراوە، کە ئەم خوێندنگەیە هەر لەساڵی 1812 ەوە هەبووە، هەروەها خوێندنگەی مەلا ئەبوبەکر، کە ئەویش هەر لەساڵی 1776 ەوە هەبووە، خوێندنگەی مەلا ئیسحاق، کە لەساڵی 1868 ەوە هەبووە، خوێندنگەی شێخ هیدایەتوڵلا، لە ساڵی 1819 ەوە هەبووە، هەروەها خوێندنگەی عومەر ئەفەندی، لە ساڵی 1794 ەوە هەبووە، خوێندنگەی مەلا ڕەسول گڕاوی، خوێندنگەی مزگەوتی ئەسعەد ئەفەندی، خوێندنگەی خانەقا، خوێندنگەی شێخ ئەبوبەکر نەقشبەندی، خوێندنگەی حەیدەری، خوێندنگەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە( ٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مزگەوتی دێرەبڕوشە، خوێندنگەی مزگەوتی شێخی چۆلی، خوێندنگەی موفتی، خوێندنگەی مزگەوتی بازاڕ، خوێندنگەی مەلا مەحمود پاشا، خوێندنگەی مزگەوتی گەورەی قەڵا، کە ئەم خوێندنگەیە لەلایەن بنەماڵەی مەلاگچکەوە بەڕێوەدەبرا، هەروەها خوێندنگەی مزگەوتی شێخ عەبدوڵلا (ئێستا بە مزگەوتی شێخەڵلا ناسراوە)، خوێندنگەی شێخ نیعمەتوڵلا هەزارکانیانی، تەنانەت بەشێك لەو خوێندنگەیانەش کتێبخانەی تایبەت بەخۆیان هەبووە (هەروتی، 2023، 142-143).
ئەم زانیارییانەی سەرەوە دەریدەخات شاری هەولێر هەمیشە ناوەندێکی گرنگی زانست و زانیاری بووە، دەسەڵاتدارانی شارەکە بایەخیان بە لایەنی زانستی داوە زانایان و مامۆستایان لەناوچەکانی دەرەوەی هەولێر بۆ شارەکە هێناوە، هەروەها دەوڵەتی عوسمانیش گرنگی بە لایەنی زانستی لە شارەکەدا داوە، ئەویش بە کردنەوەی قوتابخانەی نوێ و گرنگیدان بە بواری زانستی لە شاری هەولێر، هەروەکو دەبینین لە ساڵی 1868ز قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر کرایەوە، ئەم قوتابخانەیەش ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پێشخستنی ڕەوشی زانستی شارەکەدا هەبوو، ئەویش بە پێگەیاندنی چەندین قوتابی، کە لەدواتردا هەندێکیان بوونەوە بە مامۆستا و هەندێکیتریان لە بوارەکانیتردا خزمەتیان کرد.

## تەوەرەی یەکەم: دامەزراندنی قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر و نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکە و درووستکردنی قوتابخانەیەکی سەرەتایی (ابتدائی مکتبی) لە هەولێر:

### یەکەم: دامەزراندنی قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر:

لەدوای دامەزراندنی یەکەم قوتابخانەی ڕوشدییە[1] لە ساڵی 1846زاینی لە ئەستەنبۆڵ، ئەوا لەناوچەکانیتری دەوڵەتی عوسمانیدا هەمان قوتابخانەکرایەوە، بەتایبەتی لە ساڵی 1861زاینی لە

[1] بۆچوونی جیاواز سەبارەت بە مانای وشەی ڕوشدییە هەیە، یەکێك لەوانە بەمانای دۆزینەوەی ڕێگای ڕاست دێت، مانایەکیتریش بەمانای کەسێکی ژیر و پاك و خاوێن و خاوەن بیرکردنەوەی ڕاست دێت، هەروەها بەمانای کەسی پێگەیشتوو (بالغ – بلوغ) دێت (DOĞANAY, 2011, 15). بۆچوونێکیش هەیە کە پێی وایە ناوی ڕوشدییە لە وشەی (الرشد)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە و بەمانای ژیری یاخود تەمەنی ژیری دێت (هەروتی، 2023، 165)، بەڵام لە ناو دەوڵەتی عوسمانی بۆ قۆناغی خوێندنی دوای خوێندنی سەرەتایی بەکاردەهات (Yeni Turkce Lugat, 354) تەنانەت قامووسی شەمسەدین سامیش ئاماژە بەهەمان ووشە دەکات کە پێی وایە بۆ ئەو قۆناغەی خوێندن بەکاردێت لە نێوان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە( ٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەردەمی حوکمڕانی کەنعان پاشا (1861-1867) قوتابخانەی ڕوشدییە لە مووسڵ بنیاتنرا، (قادر، 2021، 130)، هەروەها لە ساڵی 1864 قوتابخانەی ڕوشدییە لە شاری بەغدا بنیاتنرا ( TOONJİ, 2016, 34). بەر لەوەی بچینە باسی بابەتەکە، پێویستە ئەوە بزانین لە شارەکانی باشووری کوردستان قوتابخانەی ڕوشدییەی سەربازی (عەسکەری) هەبوو کە دەرچووانی دەچوونە بواری سەربازییەوە، هەروەها قوتابخانەیەکیتری ڕوشدییە هەبوو کە دەرچوانی ئەمجۆرەش لە سێکتەرە مەدەنییەکانی وەکو مامۆستا و فەمانبەری کارییان دەکرد (کاکەسور، 2004، 13-14). ئەوەی پەیوەندی بە قوتابخانەی ڕوشدییەی شاری هەولێریشەوە بێت، ئەوا ڕوشدییەی سەربازی نەبوو، کە لە ساڵی 1868زاینی لە قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر دامەزرا (هەروتی، 2023، 165)، بۆچوونیتریش هەیە کە ساڵی دامەزراندنی قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر بە ساڵی 1875ز دادەنێن (قادر، 2021، 139)، لەگەڵ ئەمەشدا ماستەرنامەیەکی تایبەت بە قوتابخانەکانی ڕوشدییە لە دەوڵەتی عوسمانیدا بەناونیشانی "قوتابخانەکانی ڕوشدییە لە سەردەمی تەنزیماتەوە تاکو سەردەمی کۆماری (TANZİMÂT'TAN CUMHURİYET'E RÜŞDİYE MEKTEPLERİ)" تیایدا ساڵی دامەزراندنی قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر بە ساڵی 1284 کۆچی دادەنێت، کە دەکاتە ساڵی 1868 زاینی، ئەم نامە زانستییە لە دەرخستنی زانیارییەکانیدا پشتی بە چەندین سەرچاوەی تابلۆ و سەرچاوەی عوسمانی بەستووە (DOĞANAY, 2011, 194).

ئەوکاتەش شاری هەولێر قەزایەك بوو سەر بە لیوای کەرکوك (شارەزور) لە ویلایەتی بەغدا (قادر، 2021، 139)، هەروەها لەدوای شاری مووسڵ، شاری هەولێر سێیەمین شاری کوردنشین بوو لە باشووری کوردستاندا، کە قوتابخانەی ڕوشدییەی تیادا دابمەزرێنرێت، چونکە سێ ساڵ زووتر، ڕێك لە ساڵی 1865ز قوتابخانەی ڕوشدییە لە شاری کەرکوك بنیاتنرا (اوغلو، 2016، 92-93)، لەگەڵ ئەمەشدا قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر لە پێش قوتابخانەکانی ڕوشدییەی سلێمانی و ڕوشدییەی شاری کفری (صلاحیە)، کەرکوك، ڕەواندز دامەزراوە (DOĞANAY, 2011, 194).

---

قۆناغی بنەڕەتی و قۆناغی ئامادەییدا هەیە (واتە قۆناغی ناوەندی)، هەروەها شیکردنەوەی بۆ وشەی ڕوشدی (رشدی) کردووە و یەکێك لەماناکانیشی بە مانای هەرزەکار (بالغ) پیشانداوە (سامی، 1315، 664).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە( ٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە ساڵنامەی مەعاریفی دەوڵەتی عوسمانی ساڵی 1875 ئاماژە بە قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر کراوە، ئەوکاتە هەولێر قەزایەك بووە سەر بە ویلایەتی بەغدا (سالنامة بعداد، 1292، 94)، بەڵام لە ساڵانی دواتردا، ڕێك لە ساڵانی 1884-1885زاینی دا، قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر خرایە سەر ویلایەتی مووسڵ، چونکە شارەکەش ببوە قەزایەك سەر بە ویلایەتی مووسڵ ( DOĞANAY, 2011, 194).

ئەوەی تایبەتمەندی قوتابخانەی ڕوشدییە جیادەکاتەوە لە قوتابخانەکانیتر، ئەوەیە لەدوای دەرچوون لە قوتابخانەی ڕوشدییە و تەواوکردنی قۆناغی ناوەندی، ئەوا دەرچوانی ئامادەیی، کە لە قوتابخانەکانی ڕوشدییە خوێندوویانە دەتوانن وەکو مامۆستا دابمەزرێن لەهەمان قوتابخانەکانی ڕوشدییە، چونکە وەزارەتی پەروەردە (وزارة المعارف) خانەی مامۆستایان (دارالمعلمین)ی درووستکرد، کە ئەویش لە سێ بەش پێکدەهات، قوتابخانەی سەرەتایی، قوتابخانەی ڕوشدییە (ناوەندی)، قوتابخانەی ئامادەیی. هەروەها دەرچوانی قوتابخانەی ڕوشدییە دەبوونە پسپۆڕ و مامۆستای وانەکانی قوتابخانەی ڕوشدییە، هەرچەندە لەسەرەتادا لە ویلایەتی مووسڵ و بەغدا دەرچوانی ئەم قوتابخانانە نەبوون، هەربۆیە پشتیان بە مامۆستایانی ئاینی و مامۆستایانی ئەستەنبۆڵ دەبەست، دواتر لە ساڵی 1909 وەزارەتی پەروەردە بڕیاریدا دەرچوانی ناوەندی ئەوانەی لە قۆناغی ناوەندیدا لە قوتابخانەی ڕوشدییە خوێندویانە، دوای ساڵێك لە ئەزمون لە قوتابخانەی ڕوشدییە، ئەوا دەتوانن لە قوتابخانەکانی ڕوشدییە دابمەزرێن(بیات، 1994، 11). هەندێك لە دەرچوانی قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر لە بواریتردا کارییان کردووە، هەروەکو لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانیدا هاتووە، یەکێك لە دەرچوانی قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر بەناوی عەبدوڵلا ئەدیب ئەفەندی کوڕی سوڵتان ئەفەندی[2]، کە لە ساڵی 1322کۆچی - 1904زاینی وەکو بانگدەر (موئەزین) بە مووچەی 100 قروش دامەزراوە، هەرچەندە لە نێو سەرچاوەکان و بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا زۆر

[2] عەبدوڵلا ئەدیب ئەفەندی کوڕی سوڵتان ئەفەندی، لە ساڵی 1296 کۆچی - 1878زاینی لە شاری هەولێر لەدایکبووە، هەر لەم شارە خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی (ڕوشدییە)ی خوێندووە، ناوبراو زمانەکانی عەرەبی و تورکی و فارسی بە نووسین و قسەکردن زانیوە، لە ساڵی 1322کۆچی 1904زاینی وەکو بانگدەر (موئەزین) بە مووچەی 100 قروش دامەزراوە (BOA. DH. SAİD. 00174.00182, 1328).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە( ٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆ ئەم بابەتە گەڕاین، بەڵام هۆکار دامەزراندنی بە (موئەزین)مان دەستنەکەوت و تەنها ئەوەندە زانیاری لەبارەوە هەیە کە لەدوای کۆتایی هاتنی خوێندنی ڕوشدییەی هەولێر، ئەوا ناوبراو بووەتە موئەزین (BOA. DH. SAİD. 00174.00182, 1328). هەروەها محەممەد خورشید ئەفەندی[3]، کە لە ساڵی 1312کۆچی - 1896زایینی لە قوتابخانەی ڕوشدییە دەرچووە، دواتر لە دادگای سەرەتایی لە قەزای پاڵو (تورکیای ئەمڕۆ) بە مووچەی 1200 قروش دامەزراوە (BOA. DH. SAİD. 00193.00087, 1329).

قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر لە خزمەتکردنی زانستی شاری هەولێر بەردەوامبوو تاکو ساڵی 1918، واتە تاکو کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی و ڕۆیشتنی عوسمانییەکان لە ناوچەکەدا، وە لە شوێنیدا یەکەمین قوتابخانەی سەرەتایی لەسەردەمی حوکمڕانی بەریتانی لەناوچەکەدا کرایەوە (قادر، 2021، 145). لەگەڵ ئەمەشدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین قوتابخانەی ڕوشدییەی سەربازی لە هاوشێوەی بەغدا لە شارەکانی هەولێر و ڕەواندز و نەکراوەتەوە، ئەمەش پێدەچێت دەوڵەتی عوسمانی ترسیان لە دەرکەوتنی کەسایەتی سەربازی هەبوبێت، بەتایبەتی لە شاری ڕەواندز، چونکە جووڵانەوە سەربازییەکەی میرمحەممەد دەردەسەرییەکی زۆری بۆ دەوڵەتی عوسمانی درووستکرد (گەڵاڵەیی، 2023، 100).

## دووەم: نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر و درووستکردنی قوتابخانەیەکی سەرەتایی (ابتدائی مکتبی) لە هەولێر:

لەدوای ئەوەی ژمارەی قوتابیان لە قوتابخانەی ڕوشدیەیی هەولێر بەرەو کەمبوونەوە ڕۆیشت و مەترسی داخرانی لەسەربوو، بەتایبەتی لەماوەی چەند ساڵێکدا ژمارەی قوتابیانی قوتابخانەکە بریتی

---

[3] ناوی تەواوی محەممەد خورشید کوڕی عەبدوکەریمە، ناوبراو لە ساڵی 1299کۆچی 1881زایینی لە شاری ڕەواندز لەدایکبووە، دواتر لە قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر لە ڕێکەوتی 16 / تەمووز / 1312 ڕۆمی – 28 / تەمموز / 1896 زایینی بە بەرزترین پلە لە قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر دەرچووە، دواتر لە شاری قۆنیا زمانی عەرەبی خوێندووە، هەربۆیە زمانەکانی عەرەبی و فارسی بە نووسین و قسەکردن دەزانێت، هەروەها شارەزای زمانی فەرەنسیی بووە (BOA. DH. SAİD. 00193.00087, 1329).

بوو لە دەوروبەری 15 قوتابی، هەربۆیە بەپێی نامەیەك کە بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ویلایەتی مووسڵ نێردراوە، تیایدا داواکراوە بەدواداچوون بۆ هۆکاری کەمبوونەوەی ژمارەی قوتابیانی قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر بکرێت، چونکە ئەم کەمبونەوەیە مەترسیەی بۆسەر داخرانی قوتابخانەکە (BOA. MF. İBT. 00184, 1324)، لە ئەنجامدا بیر چەند چاکسازی و چەند کارێکی پێویست کراوەتەوە تاکو زیاتر قوتابیان هانبدرێن بۆ خوێندن، یەکێك لەو کارانەش گرنگییدانی زیاتر و بایەخدان بە دامەزراندنی مامۆستای پلە یەك بۆ قوتابخانەکە ( BOA. MF. MKT. 00160. 00083, 1310)، هەروەها بەمەبەستی هاندانی قوتابیان بۆ خوێندن، بیر لە سێ کاری سەرەکی کراوەتەوە، ئەوانیش نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکە، بەتایبەتی کە ئەوکاتە بەهۆی باران بارینەوە بەشێکی رووخابوو، هەروەها پێدانی خەڵات و دیاری بەو قوتابیانەی دەردەچوون لە تاقیکردنەوەکان. هەروەها پێدەچێت بڕیاری درووستکردنی قوتابخانەی سەرەتاییش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە تاکو زیاتر هانی خوێندن بدەن لە شاری هەولێر، بەمەش لەمەودوا قوتابیان زیاتر دەتوانن دەربچن و زیاتر دەتوانن بەشداری خوێندن بکەن (BOA. MF. MKT. 00654. 00061. 002, 1320).

بۆ ئەمەش لە ساڵی 1902 زاینی، بڕی 8850 قروش لە لایەن ئەنجومەنی پەروەردە لە ویلایەتی مووسڵ داواکراوە بۆ نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر، ئەمەش دوای ئەوەی لیژنەیەك وەکو کەشفکردن و پیشاندانی دەرخستەی تێچووی نۆژەنکردنەوەکە نێردراوە، کە بەشێك لە تێچووەکان بەمشێوەیە: دەرگا (1200 قروش)، چینکۆی سەر بیناکە (750 قروش)، دیواری پێشەوە (250 قروش)، قادرمە (250 قروش)، کرێی کرێکار (750 قروش)، کرێی وەستا (1800 قروش)، ئەمە و چەندین مەسروفاتیتر، کە کۆی گشتی کردووە بە 8850 قروش ( BOA. MF. MKT. 00502. 00020, 005, 1318)، خودی ئەمەش لەسەر داواکاری ئەنجومەنی کارگێڕی شارەکە بوو، کە هەریەکە لە قایمقام و موفتی و بەرپرسی دارایی و شارەوانی شارەکە، لە پاڵ مامۆستایانی قوتابخانەکە داوای نۆژەنکردنەوەی ئەم قوتابخانەیان کردبوو، چونکە دوو سال زووتر، بەپێی نووسراوێك لە ڕێکەوتی 20/ سەفەر/ 1318 کۆچی - 19 /6/ 1900 زاینی، ئەم قوتابخانەیە بەشێکی بەهۆی بارانەوە ڕوخابوو. تەنانەت هەر بەپێی نووسراوێکی والی ویلایەتی مووسڵ بۆ وەزارەتی پەرورەدەی دەوڵەتی عوسمانی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لەلایەن خەڵکیشەوە پارە بۆ نۆژەنکردنەوەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە( ٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم قوتابخانەیە کۆکراوەتەوە (BOA. MF. MKT. 00541. 00016, 1318)، بڕی پارەکەش لەلایەن چەند کەسێکی شارەکەوە بووە کە هەریەکەیان بڕێکیان بەخشیووە، بەمشێوەیە؛ عوسمان ئەمین (140 قروش)، محەممەد ئەمین (26 قروش)، نەدیم (7 قروش)، سوهەیب (3،5 سێ قروش و نیو) (BOA. MF. MKT. 00502. 00020, 003, 1318).

لەگەڵ کۆکردنەوەی پارە بۆ نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکە، هەروەها لەگەڵ دابینکردنی بەشە بودجەی نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێ، ئەوا دەبینین ئەو بڕە پارەیە زیاد بووە و قوتابخانەیەکیتریش بۆ خوێندنی سەرەتایی (صبیان مکتبی) لەتەنیشت قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر دروستکراوە، ئەویش زیاتر بەهۆی بەخشینی پارە لەلایەن هاوڵاتیانی شارەکە و فەرمانبەرانی شاری هەولێر بووە (BOA. DH. MKT. 02433.00080. 001, 1318). ئەم ڕاستییەش لە نامەیەکی وەزیری ناوخۆ، کە لە ڕێکەوتی 1902/12/18 زاینی بۆ وەزارەتی پەروەردەی دەوڵەتی عوسمانی ناردووە بەدیاردەکەوێت، خودی نامەکەش دەڵێت "بەهۆی بەخشینی هاوکاری لەلایەن مامۆستایانی قوتابخانەی ڕوشدییە لە شاری هەولێر و هاوڵاتیانی شارەوەکەوە، ئەوا قوتابخانەی ڕوشدییە نۆژەن دەکرێتەوە و لەگەڵیدا دروستکردنی قوتابخانەیەکی سەرەتایی دەستپێکردووە، هەر بەوهۆیەوە ئەوەیتر کە ماوە پێویستە لەلایەنی خەلافەتی دەوڵەتەوە پاڵپشتی بکرێت، هەروەکو لە تەلەگرافی ویلایەتی مووسڵ لە ڕێکەوتی 12/ تشرین دووەم / 1312 ڕۆمی : 24 / 11/ 1896 زاینی، ئاماژە بە بابەتی نۆژەنکردنەوەی قوتابخانە و دروستکردنی قوتابخانەیەك کراوە، بۆ ئەمەش ئەمروفەرمان لە خاوەنشکۆوەیە" (BOA. MF. MKT. 00541. 00016. 001, 1318).

لەم تەوەرەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە شاری هەولێر هەمیشە ناوەندێکی گرنگی زانست و بووە، لە سالی 1868ز قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر کرایەوە، کە لە باشووری کوردستاندا، لەدوای شاری مووسڵ و کەرکوك، ئەوا لەپێش سەرجەم قوتابخانەکانیتری ڕوشدییە لە شارەکانیتری باشوری کوردستاندا کرایەوە، هەروەها لەگەڵ کۆکردنەوەی پارە لەلایەن خەڵکی شاری هەولێر و مامۆستایان و مووچەخۆرانی شارەکە بۆ نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر، ئەوا دروستکردنی قوتابخانەیەکی سەرەتاییش (صبیان مکتبی = ابتدائی مکتبی) چۆتە بواری جێبەجێگردنەوە، کە لەکاتێکدا هەر لە ساڵی 1896 زاینییەوە دروستکردنی ئەم قوتابخانەیە بە پێویست زانراوە. هەروەها

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە( ٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هاوکاریکردنی خەڵکی هەولێر بۆ نۆژەنکردنەوەی قوتابخانە و بۆ خزمەتکردنی زانست و هاوکاری زانایان و ناوەند زانستییەکان پێشینەیەکی لەمێژینەی هەیە، بەتایبەتی خەڵکانی دەوڵەمەندی شارەکە و ناوچەکە زۆر هاوکاری مەدرەسە و مزگەوت و ناوەندە زانستییەکان و هاوکاری قوتابیان و فەقێیەکانیان کردووە، تاکو لەخوێندن و زانست بەردەوام بن (هەروتی، 2023، 135).

## تەوەرەی دووەم: دامەزراندنی مامۆستایان و پاسەوان بۆ قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر:

### یەکەم: دامەزراندنی مامۆستایانی قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر:

ئەگەرچی هەر لەسەرەتاوە چەندین مامۆستا بۆ قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر دامەزراون، بەڵام بینینی لیستی ناوی مامۆستاکانی ئەم قوتابخانەیەدا بەپێی ساڵنامەکان و بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا پێمان دەڵێن قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر لە باشترین بارودۆخیدا لە سێ مامۆستا زیاتری نەبووە، ئەگەرچی مامۆستاش بۆ ئەم قوتابخانەیە دامەزرێنراون، بەڵام مامۆستا هەبووە ڕاژەکەی گواستراوەتەوە (BOA. MF. İBT. 00143. 001)، یاخود وازی لە پیشەکەی و هێناوە و هەندێجاریش مامۆستا هەبووە کێشەی لەگەل خەڵکی شاری هەولێر هەبووە ( BOA. MF. MKT. 00821. 00038. 001)، هەربۆیە زۆربەی کات دوو مامۆستای هەبووە، هەندێ کاتیش تەنها یەك مامۆستای هەبووە، هەروەکو دەبینین بە پێی ساڵنامەی ویلایەتی بەغدا لە ساڵی 1875زاینی تەنها محەممەد ئەمین ئەفەندی مامۆستای قوتابخانەکە بووە، کە ئەویش مامۆستای پلە دوو بووە ( سالنامة بغداد، 1292، 94 ؛ اوغلو، 2016، 93)، لە ساڵانی دواتریش هەر ئەم قوتابخانەیە یەك مامۆستای هەبووە بەناوی خدر ئەفەندی، کە ئەویش مامۆستای پلە دوو بووە (هەروتی، 2023، 167)، یەکێك لەو کێشانەی قوتابخانەکانی ڕوشدییە لە شارەکانی کوردستان، بەتایبەتی ڕوشدییەی هەولێر و ڕوشدییەی ڕەواندز هەیانبوو، ئەوا هەندێجار مامۆستای بێ توانا و بێ ئەزموونیان هەبووە، بۆیە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە بیرێك لە گۆڕانکاری ئەو مامۆستایانە کراوەتەوە، سەر ئەنجام لە ڕێکەوتی 18/ شەوال/ 1296 کۆچی - 1879/10/5 زاینی مامۆستایەکی بە ئەزموون بەناوی ئەحمەد ئەفەندی بۆ قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر دامەزرێنراوە (BOA. MF. İBT.00013, 1296).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە( ٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها لە ساڵی 1885 زاینی، مامۆستایەکی ناوداری شاری کەرکوك بەناوی مامۆستا عەبدولحەلیم ئەفەندی، کە مامۆستای پلە یەك بووە لە قوتابخانەی ڕوشدییەی ڕەواندز، ئەوا لە ڕێکەوتی 14/ ذل القعدة/ 1302 کۆچی ، 25 / ئۆگستس/ 1885 زاینی بە مامۆستای پلە یەك لە قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر دامەزرێنراوە (BOA. MF. MKT. 00087. 00082, 1302).

لەگەڵ ئەمانەشدا نەبوونی مامۆستا یەکێك بووە لەو کێشانەی کە بەردەوام ڕووبەڕووی قوتابخانەکانی ڕوشدییە بۆتەوە، بەتایبەتیش قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر، چونکە لە دواتریشدا، لە ساڵی 1890ز عەبدولحەکیم ئەفەندی[4] لە قوتابخانەی روشدییەی هەولێر مامۆستا بووە و ساڵی دواتریش ئەم مامۆستایە وەکو مامۆستای پلە یەك خزمەتی کردووە و مامۆستایەکیتر بەناوی عەبدولقادر ئەفەندی هاتۆتە پاڵی، کە ئەویش مامۆستای پلە دوو بوو، چونکە بەپێی ساڵنامەی ساڵی 1318ك / 1890ز عەبدولحەکیم ئەفەندی مامۆستای پلە یەك و عەبدولقادر ئەفەندی مامۆستای پلە دوو بووە (سالنامة ولایت موصل، 1308، 131)، هەرچەندە لەدوای خانەنشین بوونی مامۆستا عەبدولحەکیم ئەفەندییەوە، ئەوا لەلایەن مامۆستا عەبدولقادرەوە هەوڵدراوە ببێتە مامۆستای پلە یەك لە قوتابخانەکەدا، بەڵام لەبەر ئەوەی مامۆستای ناوبراو بڕوانامەی ئامادەیی هەبووە و دەرچووی خانەی مامۆستایان (دار المعلمین) نەبووە، بۆیە پلەبەرزکردنەوەی بۆ نەکراوە ( BOA. MF. İBT. 00060, 1314). لە ساڵەکانی دواتردا مامۆستای خۆشنووسی لە قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر دادەمەزرێنرێت، هەربۆیە دوو مامۆستا، بەناوەکانی محەممەد عارف و محەممەد ڕەشید ئەفەندی[5]

---

[4] عەبدولحەکیم ئەفەندی کوڕی زانا و موفتی و کەسایەتی دیاری عێراق و میرنشینی سۆران (مەلای خەتێ)یە. عەبدولحەکیم " محەممەد کوڕی مەلا ئەحمەد کوڕی عەبدولڕحمان کوڕی ئیسماعیل کوڕی سلێمانە. لە شاری ڕواندز لەدایکبووە، ڕەنگە هەر لەو شارەش خوێندنی ئایینی خوێند بێت، ساڵی لەدایکبوونی دیار نییە، بە پێی ئەوەی باوکی "مەلای خەتی لە ساڵی 1225 کۆچیدوایی کردووە، یەکێك بووە لە زانا بەناوبانگەکان" مەمدوح مزوری، دەڵێت: "مەلای خەتێ لەدەوروبەری 1850 لە ڕواندز کۆچیدوایی کردووە لە گەردەگەرد نێژراوە، عەبدولحەکیم ئەفەندی بە نزیکەیی لە سەردەمی پاشای گەورە(1813_1838) لەدیکبووبێت (برایم، 2023، 42).

[5] محەممەد ڕەشید ئەفەندی کوڕی حاجی خدرزادە کوڕی حاجی محەممەد ئەمین ئەفەندی هەولێرییە، لە ساڵی 1293/1292 کۆچی- 1875 زاینی لە شاری هەولێر لەدایکبووە، هەر لە شاری هەولێر خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی منداڵان (صبیان مکتبی) خوێندنی ئاینی خوێندووە، دواتر لە ڕوشدییەی هەولێر درێژەی بە خوێندن داوە، لە ڕێکەوتی 23/

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەمەبەستی دامەزراندنیان وەکو مامۆستای خۆشنووسی بەشدارییان لە تاقیکردنەوەی وانەی خۆشنووسی کردووە، بەڵام لەسەرەتادا محەممەد عارف لە تاقیکردنەوە دەرچووە و لە ڕێکەوتی 30/ کانونی یەکەمی / 1312 ڕۆمی - 1897/1/11 زاینی ڕەزامەندی لەسەر دامەزراندنی ناوبراو دەرچووە و محەممەد ڕەشیدیش ناچاربووە دووبارە بەشداری تاقیکردنەوە بکات، بەڵام چەند مانگێك دواتر، بە پێی فەرمانێکی وەزارەتی پەروەردە لە ڕێکەوتی 24/ تەمموز/ 1313 ڕۆمی - 8 / ئۆگستس/ 1897 زاینی محەممەد ڕەشیدیش لە تاقیکردنەوە دەرچووە و ڕەزامەندی لەسەر دامەزراندنی دراوە (BOA. MF. MKT. 00363. 00048, 1313). هەربۆیە بە پێی ساڵنامەکانی وەزارەتی پەروەردە دەبینین دواتر مامۆستای وانەی خۆشنووسی گۆڕاوە و لەشوێنیدا محەممەد ڕەشید ئەفەندی دامەزراوە (سالنامة نظارت معارف عمومیة، 1318، 1576 ؛ سالنامة نظارت معارف عمومیة، 1321، 678)، ئەوەی جێگای باسکردنە ساڵنامەی وەزارەتی پەروەردە لە ساڵی 1903زاینی، پیشانمان دەدات کە لەماوەی ساڵانی 1898-1903 عەبدولحەکیم ئەفەندی لە قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر مامۆستای پلە یەك بووە، هەروەها مامۆستایەکی خۆشنووسی بەناوی محەممەد عارف ئەفەندی لەگەڵیدابووە (سالنامة نظارت معارف عمومیة ، 1316، 1201)، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگای ئاماژەیە بەڵگەنامە عوسمانییەکان پیشانمان دەدەن کە مامۆستا عەبدولحەکیم ئەفەندی لە ڕێکەوتی 26/ کانونی دووەم/ 1326 ڕۆمی – 8/ شوبات/ 1911 زاینی خانەنشین کراوە (BOA. MF.MKT.00344.00006.016. 1314, 33.)، دواتریش ئەمین ئەفەندی کوڕی مامۆستای ناوبراو لەدوای دەرچوونی لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستیدا لەشوێنی باوکی وەکو مامۆستا دانراوە، ئەم زانیارییانەش بە سوود وەرگرتن لە بابەتێکی ڕۆژنامەی "موصل"، لە ژمارە (741)، لە ڕێکەوتی 14/ محرم/ 1322 کۆچی - 17/مارت/1320 ڕۆمی دەست خستراوە (قادر، 2021، 141).

---

تەمموز/ 1306 ڕۆمی - 4/ ئۆگستس/ 1890 زاینی بڕوانامەی قوتابخانەی ڕوشدییەی پێدراوە. بە زمانی تورکی و فارسی دەنوسێت و قسە دەکات، هەروەها شارەزایی لە زمانی عەرەبیش هەیە، لە سەرەتادا لە دادگای سەرەتایی هەولێر کاری کردووە، دواتر لە ڕێکەوتی 25/ کانونی یەکەم/ 1312 ڕۆمی / 6/ 1897/1 زاینی بە مووچەی 85 قروش وەکو مامۆستای خۆشنووسی لە قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر دامەزراوە (BOA. DH.SAİDd. 00154. 00233, 1326).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەسەردەمی دەوامکردنی مامۆستا عەبدولحەکیم ئەفەندی لە قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر، دەبینین بەتەنها مامۆستا نەبووە، بەڵکو زۆرجار مامۆستایتر لە قوتابخانەی ڕوشدییە لەگەڵیدا بووە، بەتایبەتی مامۆستای خۆشنووسی مامۆستا محەممەد ڕەشید ئەفەندی لەگەڵیدا بووە، وانەکانیش لەلایەن مامۆستا عەبدولحەکیم گوتراونەتەوە و وانەی خۆشنووسیش لەلایەن مامۆستا محەممەد ڕەشید ئەفەندییەوە گوتراوەتەوە (BOA. MF. İBT. 00110, 1319).

لەدوای خانەنشین بوونی مامۆستا عەبدولحەکیم، ئەوا دوو مامۆستایتر دامەزراون، کە یەکێکیان بەناوی مامۆستا عەبدولحەلیم ئەفەندی بە مامۆستای پلە یەك دامەزراوە، چونکە لە ساڵنامەکاندا ئاماژە بە هەبوونی ناوبراو دەکات (سالنامة نظارت معارف عمومية، 1319، 908)، لەکاتێکدا دووساڵ دواتر، واتە بە پێی سالنامة نظارت معارف عمومية، 1321 کۆچی، کە دەکاتە ساڵی 1903 زایینی، ئەوا ناوی مامۆستایەکیتر لە قوتابخانەی ڕوشدییەدا ئاماژە پێکراوە، کە بەناوی مامۆستا عەبدولحەکیم ناوی هاتووە، ئەو مامۆستایەش مامۆستای پلە یەك بووە (سالنامة نظارت معارف عمومية، 1321، 678)، هەربۆیە لێرەدا بۆمان ڕووندەبێتەوە کە تەنها هەڵەیەك لە تۆمارکردنی لیستی ناوی مامۆستایانی قوتابخانەی ڕوشدییە هەبووە و ئاگادار نەبوونە کە ناوبراو خانەنشین بووە و لە ساڵی 1904 زایینی کۆچی دوایی کردووە، لەدوای خانەنشین بوونی مامۆستا عەبدولحەکیم ئەفەندییەوە، دوو مامۆستایتر بە ناوەکانی مامۆستا عەبدولکەریم ئەفەندی[6] و مامۆستا عەبدولحەلیم دامەزراون(BOA. ŞD.01047. 00034. 002, 1324).

لەساڵی 1907 ژمارەی مامۆستایانی قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر بووە بە سێ مامۆستا، بەناوەکانی "عەبدولکەریم ئەفەندی، ڕەئوف ئەفەندی، محەممەد ئەفەندی" (سالنامة نظارت معارف عمومية، برنجی سنة، 1316هـ، 1201)، بەڵام ئەمە درێژەی نەخایاندووە، چونکە لە سالی 1912 ژمارەی

---

[6] مامۆستا عەبدولکەریم ئەفەندی لە ساڵی 1287 کۆچی- 1870 زایینی لە هەولێر لەدایکبووە، لەدوای خوێندنی قوتابخانەی ڕوشدییە لە شاری هەولێر و تەواوکردنی دارالفنون، فێربوونی زمانی عەرەبی، ئەوا لە ساڵی 1896 زایینی خوێندنی تەواو دەکات و ساڵی دواتر، واتە لە ساڵی 1897 زایینی بە مووچەی 200 قورش مانگانە لە وەزارەتی پەروەردە، لە قوتابخانەی سەرەتایی هەولێر دامەزراوە، دواتر لە ڕێکەوتی 24/ ڕەمەزان/ 1319 کۆچی- 1902/10/4 بە فەرمانی وەزارەتی پەروەردە، ژمارە (2757)، بە مووچەی 540 قروش، بووە بە مامۆستای پلە یەك لە قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر (BOA. MF. MKT. 00914. 00008.001, 1324).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە( ٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مامۆستایانی ئەم قوتابخانەیە کەمبۆتەوە تەنها یەك مامۆستا بەناوی عەبدولقادر ئەفەندی لە قوتابخانەکەدا ماوەتەوە (سالنامة نظارت معارف عمومية، دردنجی 1319هـ، 908).

ئەوەی لێرەدا شایانی باس بێت مامۆستا عەبدولکەریم دەرچووی قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر بووە و بۆماوەی حەوت ساڵ لە قوتابخانەی سەرەتایی لە هەولێر مامۆستا بووە و دواتر بەهۆی چالاکی و زیرەکییەکەیەوە کراوە بە مامۆستای پلە یەك لە قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر (BOA. MF. MKT. 00914. 00008.001, 1324)، واتە دەبێتەوە مامۆستا لەهەمان قوتابخانەکەی خۆی، بەڵام ئەم مامۆستایە تا کۆتایی لە قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر نامینێت، چونکە لەگەڵ خەڵکی شاری هەولێر کەوتۆتە کێشەوە و لەلایەن خەڵکی شاری هەولێرەوە شکایەتی لێکراوە، هەربۆیە بەناچاری لە ساڵی 1911 قوتاخانەی ڕوشدییەی هەولێری بەجێهێشتووە (BOA. MF. İBT. 00317, 1329) دوای بەتاڵ مانەوەی شوێنەکەی، ئەوا لە شوێنیدا مامۆستایەك لە شاری کەرکوك دەهێنن کە ناوی مامۆستا عەلی حیکمەت ئەفەندی بووە، بە وەکالەت و بەشێوەیەکی کاتی لە قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر دەست بەکاربووە، ناوبراویش مامۆستای وانەی عەرەبی و ئایین بووە (BOA. MF. İBT. 00321, 1329).

لەساڵی دواتریشدا مامۆستای وانەی خۆشنووسی محەممەد ڕەشید لە قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر نامینێت و مامۆستایەکی نوێ بەناوی مامۆستا عەبدولقادر ئەفەندی بە مامۆستای پلە یەك دادەنرێت، هەروەکو لە ساڵنامەکانی ساڵی 1330 کۆچی - 1912 زاینی ئەم ڕاستیانە بەدیاردەکەون (موصل ویلایتی سالنامة رسمیسیدر، 1330، 276).

لێرەدا ئەوەی لەم باسەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە چەند مامۆستا بۆ قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر دامەزرێنراون، هەروەها مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی (صبیان مکتبی) گواستراوەتەوە بۆ قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر. ئەمە لەکاتێکدا ئەم قوتابخانەیە جگە لە مامۆستای زانستە جۆربەجۆرەکان، ئەوا گرنگیان بە هەبوونی مامۆستای وانەی خۆشنووسی داوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە( ٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**دووەم: پاسەوانانی قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر:**

لەگەڵ هەبوونی مامۆستا لە قوتابخانەی ڕوشدییەدا، ئەوا پاسەوان (دەرگاوان)یش بوونی هەبووە، هەروەکو بەپێی ساڵنامەی ویلایەتی بەغدا لە ساڵی 1292 کۆچی - 1875 زاینی پیشانی دەدات کەسێك دەرگاوانی ئەم قوتابخانەیە بووە، کە ناوی محەممەد ئاغایە (سالنامة بغداد، 1292، 94). هەروەها بەپێی خشتەی دەوامی ڕۆژانە و ئامادەبوونی ستافی مامۆستا و کارمەندان و قوتابیانی قوتابخانەی ڕوشدییە لە سالی 1312 کۆچی - 1895 زاینی، دەردەکەوێت پاسەوانی قوتابخانەکەش ناوی ئەحمەد ئاغا بووە (BOA. MF.İBT. 00044, 1312). دواتر لە ساڵی 1317 ڕۆمی - 1901 زاینی پاسەوانی قوتابخانەکە دەگۆڕێت و لە شوێنیدا کەسێك بەناوی عەبدولعەزیز ئاغا یاخود عەزیز ئاغا دادەنرێت (BOA. MF. İBT. 00110, 1319 ; BOA. MF. İBT. 00112, 1320)، ئەویش بۆ ماوەی پێنج ساڵ بەردەوام دەبێت و دواتر لە ڕێکەوتی 22/ ڕەمەزان/ 1324 کۆچی - 1906/10/11 زاینی دەست لەکار هەڵدەگرێت و لە شەوێنیدا کەسێکیتر بەناوی مەجید ئاغا دەبێتە پاسەوانی قوتابخانەکە (BOA. MF. İBT. 00181). هەروەها لە ساڵی 1323 کۆچی -1905 زاینی، پاسەوانی ئەم قوتابخانەیە گۆڕاوە و کەسێکیتر بەناوی ئەحمەد ئاغا بووە بە پاسەوان (BOA. MF. İBT. 00162, 1323).

ئەمانە دەریدەخەن کە قوتابخانەکە لە پاڵ دامەزراندنی مامۆستایان بۆ قوتابخانەکە، ئەوا پاسەوانیشی بۆدامەزرێنراوە و لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە مووچەی تایبەتی بڕاوەتەوە.

## تەوەرەی سێیەم: قوتابیان و وانەکانی قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر:

### یەکەم: قوتابیانی ڕوشدییەی هەولێر:

بەهۆی ئەوەی لەسەرەتای دامەزراندنی قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر قوتابخانەی سەرەتایی (صبیان مکتبی) لە شارەکەدا نەبوو، بۆیە لەسەردەمانی سەرەتادا دەرچووانی فێرگە ئاینییەکان (کتاتیب)ی وەردەگرت، بەڵام دوای دامەزراندنی قوتابخانەی سەرەتایی لەشارەکەدا، ئەوا تەنها دەرچووانی قوتابخانەی سەرەتایی (صبیان مکتبی)ی وەردەگرت (هەروتی، 2023، 165).

لە ساڵانی سەرەتای دامەزراندنی ئەم قوتابخانەیەدا ژمارەی قوتابییەکان زیاتربوون بە بەراورد بە سالانی دواتر، بۆنمونە لە ساڵی 1290 کۆچی / 1873 زاینی، ژمارەی قوتابیانی ئەم قوتابخانەیە تەنها 39 کەس بووە (سالنامة دولت علیە عثمانیة، 1290، 211-212)، بەڵام لە ساڵی 1875 زاینیدا ژمارەی قوتابیان کەمیکردوە و تەنها 25 قوتابی هەبووە (سالنامة بغداد، 1292، 94)، ئەگەرچی دوو ژێدەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەوکاتە ژمارەی قوتابیانی قوتابخانەکە کەمیکردووە بۆ تەنها 13 قوتابی (اوغلو، 2016، 93 ؛ TOTONJI, 2016, 35)، بەڵام بەپێی تۆماری فەرمی ساڵنامەی ویلایەتی بەغدای ساڵی 1292 کۆچی / 1875 زاینی، ئەوا ژمارەی قوتابیان لە هەمان ساڵدا بریتی بووە لە 25 قوتابی (سالنامة بغداد، 1292، 94). لەکاتێکدا لە ساڵی 1885 زاینی ژمارەی قوتابیان زیادی کردووە و بووە بە 43 قوتابی (قادر، 2021، 139؛ هەروتی، 2023، 166)، بەڵام دوای چەند ساڵێکیتر ئەم ژمارەیە کەمبۆتەوە و لە ساڵانی 1893 تەنها 15 قوتابی لە قوتابخانەکەدا بوونی هەبووە، هەربۆیە بەپێی نامەیەك کە بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ویلایەتی مووسڵ نێردراوە لە ڕێکەوتی 20/ ڕەجەب/ 1310 کۆچی- 7 / 2/ 1893 زاینی تیایدا داواکراوە بەدواداچوون بۆ هۆکاری کەمبوونەوەی ژمارەی قوتابیانی قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر بکرێت (BOA. MF. İBT. 00184, 1324) وە زیاتریش گرنگی و بایەخ بە دامەزراندنی مامۆستای پلە یەك بۆ قوتابخانەکە بدرێت ( BOA. MF. MKT. 00160. 00083, 1310)، بەڵام ساڵێك دواتر، بەپێی ڕاپۆرتێك، کە لە ڕێکەوتی 8/ مارت/ 1310 ڕۆمی - 20/ 3 / 1894 لەلایەن قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێرەوە بۆ پەروەردەی ویلایەتی موسڵ نێردراوە، پیشانی دەدات ژمارەی قوتابیان بۆ 30 قوتابی بەرز بۆتەوە، بەشێوەیەك قوتابیانی قۆناغی یەکەم22 قوتابی، قۆناغی دووەم 5 قوتابی، قۆناغی سێیەمیش 3 قوتابی بوونیان هەبووە، بەڵام لەو ساڵەدا هیچ قوتابییەکی قۆناغی چوارییان نەبووە، هەروەها ڕاپۆرتەکەش پیشانی دەدات هەموو قوتابیان و مامۆستایان و پاسەوانی قوتابخانەکەش بۆ هەرمانگێك لە مانگەکانی کانونی یەکەم، کانونی دووەم، شووبات 26 ڕۆژ دەوامیان کردووە (BOA. MF. İBT. 00044, 1312).

ئەگەرچی ساڵێك دواتر، واتە لەساڵی 1895 زاینی بەپێی ساڵنامەکانی دەوڵەتی عوسمانی، ژمارەی قوتابیان تەنها 18 قوتابی تۆمارکراوە (موصل ویلایتی سالنامة رسمیسیدر، 1312، 169)، بەڵام بەپێی ڕاپۆرتێکی قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر بۆ پەروەردەی ویلایەتی مووسڵ نێردراوە لە

ڕێکەوتی 24/ جماد الاخر/ 1313 کۆچی- 1895/12/12 زاینی، ئەوا ژمارەی قوتابیانی قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر زیاترە لەو ژمارەیەی کە ساڵنامەی عوسمانی پیشانی داوە، چونکە ژمارەی قوتابیان بە 34 قوتابی تۆمارکراوە، بەشێوەیەك قوتابیانی پۆلی یەکەم (قۆناغی یەکەم) تەنها 11 قوتابی هەبوە، قۆناغی دووەم 16 قوتابی و قۆناغی سێیەم تەنها 3 قوتابی و قۆناغی چوارەمیش تەنها 4 قوتابی هەبووە، هەروەها ڕاپۆرتەکە پیشانی دەدات هەموو قوتابیان و مامۆستایان و پاسەوانانی قوتابخانەکەش بۆ هەرمانگێك لە مانگەکانی ئەیلول، تشرینی یەکەم، تشرینی دووەم تەنها 26 ڕۆژ دەوامیان کردووە (BOA. MF. İBT. 00048, 1313)، لەدواتردا ئەم ڕێژەیە وەکو خۆی نەما، چونکە ڕێك سالێك دواتر، واتە لە ساڵی 1896زاینی، بەپێی ڕاپۆرتێکی قوتابخانەی ڕوشدیەی هەولێر بۆ پەروەردەی ویلایەتی موسڵ لە ڕێکەوتی 7/ ڕەجەب/ 1314 - 1896/12/12 زاینی نێردراوە، تیایدا ژمارەی قوتابیان کەمیکردووە و ڕێژەکە بووە بە 31 قوتابی، بەشێوەیەك قۆناغی یەکەم 17 قوتابی، قۆناغی دووەم 4 قوتابی، قۆناغی سێیەم 9 قوتابی وە قۆناغی چوارەم تەنها 1 قوتابی هەبووە. هەروەها ڕاپۆرتەکە پیشانی دەدات هەموو قوتابیان و مامۆستایان و پاسەوانی قوتابخانەکەش بۆ هەرمانگێك لە مانگەکانی ئەیلول، تشرینی یەکەم، تشرینی دووەم 26 ڕۆژ دەوامیان کردووە ( BOA. MF. İBT. 00056, 1314).

هەروەها لە ساڵی 1898ز ژمارەی قوتابیان زیادی کردووە و بووە بە 37 قوتابی (هەروتی، 2023، 166)، بەڵام ئەم ژمارەیە دیسان کەمیکردووە و بووە بە 28 قوتابی لە ساڵی 1898، هەروەها لە ساڵی 1901 بووە بە 30 قوتابی (قادر، 2021، 139) بەپێی ڕاپۆرتێکی قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر بۆ پەروەردەی ویلایەتی موسڵ لە ڕێکەوتی15/ کانونی دووەم/ 1317 ڕۆمی - 28 / 1/ 1902 زاینی نێردراوە، لەم ڕاپۆرتەدا پیشانی دەدات ژمارەی قوتابیان کەمیکردووە و ڕێژەکە بووە بە 15 قوتابی، بەشێوەیەك قۆناغی یەکەم 5 قوتابی، قۆناغی دووەم 6 قوتابی، قۆناغی سێیەم 5 قوتابی، هەروەها قۆناغی چوارەم هیچ قوتابییەکی نەبووە. لەگەڵ ئەمەشدا ڕاپۆرتەکە پیشانی دەدات هەموو قوتابیان و مامۆستایان و پاسەوانی قوتابخانەکەش بۆ هەرمانگێك لە مانگەکانی ئەیلول، تشرینی یەکەم، تشرینی دووەم 26 ڕۆژ دەوامیان کردووە (BOA. MF. İBT. 00110, 1319).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چەند مانگێك دواتر و لە هەمان ساڵدا، ڕێك لە ڕێکەوتی 21/ ڕەمەزان/ 1320 کۆچی ، 1902/12/22 زاینی ژمارەی قوتابیان بووە بە 16 قوتابی، بەشێوەیەك قۆناغی یەکەم 7 قوتابی، قۆناغی دووەم 4 قوتابی، قۆناغی سێیەم 5 قوتابی، هەروەها قۆناغی چوارەم هیچ قوتابییەکی نەبووە. لەگەڵ ئەمەشدا ڕاپۆرتەکە پیشانی دەدات هەموو قوتابیان و مامۆستایان و پاسەوانی قوتابخانەکەش لە هەر مانگێکدا 26 ڕۆژ دەوامیان کردووە (BOA. MF. İBT. 00129, 1320) ئەمە لەکاتێکدا، ساڵێك دواتریش، واتە لە ساڵی 1903، ژمارەی قوتابیان بووە بە 16 قوتابی، واتە تەنها یەك قوتابی زیادی کردووە (هەروتی، 2023، 166). پێدەچێت بەرزبوونەوەی ژمارەی قوتابیانی ئەم قوتابخانەیە بگەرێتەوە بۆ ئەو نۆژەنکردنەوەیەی قوتابخانەکە کە لە ساڵی 1900 ەوە تاکو ساڵی 1902 زاینی تیایدا ئەنجامدرا(قادر، 201، 139-140)، بڕی 8850 قروش لە لایەن ئەنجومەنی پەروەردە لە ویلایەتی مووسڵ بۆ نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکە خەمڵێنراوە ( BOA. MF. MKT. 00502. 00020, 1318)، هەروەها پێدەچێ بەمەبەستی هاندانی قوتابیان بۆ خوێندن بیر لە سێ کاری سەرەکی کرابێتەوە، ئەوانیش نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکە و پێدانی خەڵات و دیاری بەو قوتابیانەی لە تاقیکردنەوەکاندا دەرچوون، هەروەها بڕیاری درووستکردنی قوتابخانەی سەرەتاییش بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، کە هەر لە ساڵی 1896 زانییەوە پێشنیازی کردنەوەی قوتابخانەی سەرەتایی کرابوو، تاکو زیاتر هانی خوێندن بدەن لە شاری هەولێر، بەمەش لەمەودوا قوتابیان زیاتر دەتوانن دەربچن و زیاتر دەتوانن بەشداری خوێندنی قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر بکەن ( BOA. MF. MKT. 00654. 00061. 002, 1320).

ژمارەی قوتابیان لە ساڵی 1905 زاینی زیادی کردووە بۆ 30 قوتابی، هەروەکو لە ڕاپۆرتێك لە ڕێکەوتی 17/ ربیع الاول/ 1323 کۆچی - 22/ 5/ 1905 زاینی، لە قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێرەوە بۆ پەروەردەی ناوەندی مووسڵ نێردراوە و تیایدا ئاماژە بە 30 قوتابی دەکات، بەشێوەیەك قوتابیانی قۆناغی یەکەم 22 قوتابی و قۆناغی دووەم 5 قوتابی و قۆناغی سێیەمیش 3 قوتابی هەبووە، بەڵام هیچ قوتابییەکی قۆناغی چوارەمی نەبووە. هەروەها بەپێی ڕاپۆرتەکە هەریەکە لە مامۆستا و قوتابیان و پاسەوانی قوتابخانەکە لە مانگەکانی مارت، نیسان، مایس دا 26 ڕۆژ دەوامیان کردووە ( BOA. MF. İBT. 00160, 1323). لە ساڵی 1911 زاینی، ژمارەی قوتابییان بووە بە 24 قوتابی،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە( ٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەشێوەیەك قوتابیانی قۆناغی یەکەم 10 قوتابی، قۆناغی دووەم 7 قوتابی، قۆناغی سێیەمیش 7 قوتابی، بەڵام هەرچی قوتابیانی قۆناغی چوارەمە هیچ قوتابییەکی نەبووە (BOA. MF. İBT. 00348, 1329).

ئەوەی جێگای ئاماژەیە ئەم ژمارەیە لە ساڵانی دواتر کەمبۆتەوە، لە ساڵی 1330 کۆچی / 1912 زاینی ژمارەی قوتابیان بووە بە 29 قوتابی (موصل ویلایتی سالنامة رسميسيدر، 1330هـ ، 276)، بەڵام بەپێی ڕاپۆرتێك لە ڕێکەوتی 1/ محەڕەم/ 1331 کۆچی- 1912/12/29 زاینی ژمارەی قوتابیان بووە بە 30 قوتابی، بەشێوەیەك لە قۆناغی یەکەم 17 قوتابی، قۆناغی دووەمیش 8 قوتابی و قۆناغی سێیەمیش 5 قوتابی (BOA. MF. İBT. 00408, 1331).

هۆکاری ئەو گۆڕانکارییە خێرایانە لە ژمارەی قوتابیانی ئەم قوتابخانەیە، بەتایبەتی لە ساڵانی دواتردا و کەمبوونەوەی ژمارەیان، دەکرێ بۆ ئەوەی بگەڕێنینەوە کە ئەوکاتە بارودۆخی ئابووری ناوچەکە بەگشتی و شاری هەولێر بەتایبەتی ڕوو لە خراپی بوو، هەروەها بارودۆخی سیاسی ئەوکاتیش لەخراپیدابوو، هەروەها نزیك بوو لە جەنگی یەکەمی جیهانی، لەلایەکیتریش خراپی بارودۆخی قوتابخانەکە و نەبوونی مامۆستای وەکو پێویست ئەمەش دەکرێ هۆکارێکیتر بێت (هەروتی، 2023، 167).

## دووەم: وانە و سیستەمی خوێندن لە قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر:

هەر لەسەرەتای دامەزراندنی قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر، کە ئەوکاتە قوتابخانەی سەرەتایی نەبوو، بۆیە قوتابیانی فێرگە ئاینییەکان (کتاتيب) لەشوێنی سەرەتایی لە ڕوشدییە وەردەگیران، بەمەش قوتابیان زیاتر شارەزای بابەتە ئاینییەکان و زمانی عەرەبی دەبوون (هەروتی، 2023، 165)، بەڵام لەگەڵ هاتنی قوتابی بۆ قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر و خوێندن لەم قوتابخانەیهدا، ئەوا لەماوەی چوار ساڵی خوێندندا، یاخود لەماوەی چوار قۆناغدا وانەکانی؛ نەحو، صرف، عەرەبی، جوگرافیا، حيساب "بیرکاری" (Rasoul, 2017, 64)، ئەندازە، مێژوو، پاراستنی تەندروستی، علم الحال(BOA. DH. SAİD. 00158. 00216, 1327)، زمانەکانی تورکی عوسمانی و عەرەبی، فارسی دەخوێند (هەروتی، 2023، 165)، هەروەها خۆشنووسی (خۆشنووسی) وەکو وانەیەکی

گرنگی ئەم قوتابخانەیە بووە (BOA. DH.SAİDd. 00154. 00233, 1326)، لەگەڵ وانەکانی نحو، ئایین، داڕشتن، زانستە ئاینییەکان، ئەخلاق (قادر، 2021، 142)، بەڵام دوای ئەوەی ساڵی خوێندن لە چوار ساڵەوە کرایە سێ ساڵ، هەروەها چەند قوتابخانەیەکی ڕوشدییە بە قوتابخانەی ئامادەییەوە بەسترانەوە، ئەوا وانەکان دووبارە گۆڕانکاری بەسەر هات و کاتژمێری خوێندن و وانەکان زیادی کرد (قادر، 2021، 143).

یەکێك لەو وانانەی لە قوتابخانەکانی ڕوشدییەدا گرنگی پێدراوە، وانەی جوگرافیا بووە، کە لە زۆربەی قۆناغەکاندا خوێندویانە، تەنانەت کتێبەکانیش مەنهەجێکی دیارکراوبووە و ئامادەکراوە، بۆنموونە؛ کتێبی تدریسیات رشدیة کتبخانەسی (قرق التنجیسی) ممالك عثمانیة جغرافیاسی، کە کتێبێکی وانەی جوگرافیا بووە، لەساڵی 1310 لە قوتابخانەکانی ڕوشدییە خوێندراوە و تیایدا جوگرافیای هەموو ولاتان باس دەکات، بەتایبەتی جوگرافیای دەوڵەتی عوسمانی (توفیق، 1310).

بەپێی ساڵنامەکانی دەوڵەتی عوسمانی، وانەکانی خوێندن لە قوتابخانەی ڕوشدییە بەمشێوەیە تۆمارکراون؛ مێژوو، ڕێزمانی عوسمانی، فارسی، عەرەبی، قورئان و تەجوید، زانیاری گشتی، بیرکاری، جوگرافیا، زانستە ئاینییەکان (سالنامة نظارت معارف عمومیة، 1316 ،658). هەروەها لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانیدا >بەپێی خشتەی تاقیکردنەوەکانی ساڵی 1908، کە ناوی سەرجەم وانەکان و قوتابیان و نمرەکانیان نووسراوە، ئەوا دەبینین ئەم وانانە لە قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر خوێندراون، لەوانە؛ قورئان، تەجوید، زانستی حال، ئەخلاق، خوێندنەوە، ڕێزمانی عوسمانی، مێژووی عوسمانی، جوگرافیا، حساب "ژمێریاری"، ڕێنووس، خۆشنووسی، کشت و کاڵ، زیندەوەرزانی، کیمیا (BOA. MF. İBT. 00217, 1326)، بەشێوەیەك لە هەر ساڵێکدا، هەندێك لە وانەکان گۆڕاون، کە قوتابیان لە ساڵی یەکەمدا 9 وانەیان خوێندووە، بەڵام لە ساڵی دواتردا بووە بە 11 وانە و لە ساڵی سێیەمیش دا بووە بە 13 وانە، بەتایبەتی لە ساڵی سێیەمدا وانەی ئەندازە (ئەندازیاری) زیادکراوە، ئەمە جگە لە خوێندنی هەر سێ زمانی فارسی و عەربی و تورکی، هەروەها بە بەردەوامیش وانەی قورئان و تەجوید خوێندراوە (BOA. MF. İBT. 00226, 1327). پێدەچێت هۆکاری ئەو هەموو وانە زۆرەش بەتایبەتی لە قۆناغی دووەم و سێیەم بگەڕێتەوە بۆ کەمبوونەوەی ساڵی خوێندن لە چوار ساڵەوە بۆ سێ ساڵ، وە هەوڵدرابێت سەرجەم مادەکان بخوێنن (قادر، 2021، 143). لە ساڵانی

دواتریشدا وانەیتر بۆ بابەتەکان و بۆ هەمو قۆناغەکان زیادکراون، بەتایبەتی لەدوای کودەتای کۆمەڵەی ئیتحادوتەرەقی لە ساڵی 1908، ئەوا وانەی نووسینی ڕیقعە و زمانی فەرەنسیش هاتۆتە ناو سیستەمی خوێندنی دەوڵەتی عوسمانی ( BOA. MF. İBT. 00247, 1327 ; BOA. MF. İBT. 00348, 1329).

وەرگیران لە قوتابخانەی ڕوشدییە چەند تایبەتمەندییەکی هەبوو، بۆنموونە دەبوو تەمەنی گونجاوبێت و تەمەنی لەو قۆناغەی تیایدا دەخوێنێت گەورەتر نەبێت، هەروەها ئەوانەی لەم قوتابخانەیە وەردەگیران دەبوو دەرچووی قوتابخانەیەکی سەرەتایی یاخود فێرگەیەکی ئاینی بن و خاوەنی بڕوانامەیەکی باوەڕپێکراو لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە بن، ئەمە جگە لەوەی دەبوو لە ڕووی تەندروستییەوە هیچ کێشەیەکی تەندروستی و نەخۆشییان نەبێت (قادر، 2021، 141)، هەروەها بەگشتی لە قوتابخانەکانی ڕوشدییەدا، هەر پۆلێك بە جیاواز وانەکانی خۆی دەخوێند، دەبوو قوتابیان دەرچووی یەکێك لە قوتابخانە فەرمییەکان بن(Bakr, 2016, 57).

ئەمەی لێرەدا بینرا، بۆمان دەرکەوت کە قوتابیانی ڕوشدییەی هەولێر لەماوەی سێ ساڵدا چەندین وانەی سەرکیی و گرنگیان خوێندووە، جگە لەمەش سیستەمی خوێندنی قوتابخانەکە وایکردووە جگە لە زمانی دایك، ئەوا فێری زمانی تورکی و فارسی و عەرەبی بن، هەروەها شارەزایی تەواو لە بابەتەکانی زانستە ئیسلامییەکان و زانستی قورئان و خۆشنووسی و بابەتی ئەندازیاری فێرببن. تەنانەت قوتابیانی ڕوشدییەیی هەولێر لەماوەی خوێندنیان لە قوتابخانەکەدا زۆرترین وانەیان خوێندووە، لەکاتێکدا هەرسێ زمانی تورکی و فارسی و عەرببیش بەدرێژایی هەرسێ ساڵەکە وانەی سەرەکی قوتابخانەکە بووە.

## ئەنجام:

یەکەم: شاری هەولێر هەمیشە ناوەندێکی گرنگی زانست و زانیاری بووە، زانست لەلایەن دەسەڵاتدارانی شارەکەوە بایەخی پێدراوە و مامۆستایان لەدەرەوەی شارەکەوە بۆ ناو هەولێر هێناوە. تەنانەت کردنەوەی قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر، هەنگاوێکی زۆر گرنگی بەرەوپێشبردنی لایەنی

زانستی و خوێندنی فەرمی لە شارەکە بوو، کە وایکرد چەندین قوتابی بەردەوامبن لەخوێندن و دواتریش دەرچووانی ئەم قوتابخانەیە بە کاروپیشەی جیاوازەوە خەریك ببن.

دووەم: قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر لە ساڵی 1868 زاینی بنیاتنراوە، ئەمەش سێیەمین قوتابخانەبوو لە شارە کوردنشینەکانی باشوری کوردستان کرایەوە و لە پێش قوتابخانەکانی روشدییەی ڕەواندز و سلێمانی و کفری بوو، کە دەرچووانی لەدوای تەواوکردنی خوێندنیان لە کاروپیشەی جیاوازدا دامەزراون.

سێیەم: لەگەڵ ئەوەی چەندین مامۆستا بۆ قوتابخانەی ڕوشدییەی هەولێر دامەزرێنراوە، سەرەڕای هەبوونی مامۆستای زانستە جۆربەجۆرەکان، ئەوا مامۆستای وانەی خۆشنووسیش دامەزرێنراوە.

چوارەم: قوتابیانی ڕوشدییەی هەولێر لەماوەی سێ ساڵدا چەندین وانەی سەرکیی و گرنگیان خوێندووە، جگە لەمەش سیستەمی خوێندنی قوتابخانەکە وایکردووە جگە لە زمانی دایك، ئەوا فێری زمانی تورکی و فارسی و عەرەبی ببن، هەروەها شارەزایی تەواو لە بابەتەکانی زانستە ئیسلامییەکان و زانستی قورئان و خۆشنووسی و بابەتی ئەندازیاری فێرببن. تەنانەت قوتابیانی ڕوشدییەیی هەولێر لەماوەی خوێندنیان لە قوتابخانەکەدا زۆرترین وانەیان نخوێندووە، لەکاتێکدا هەرسێ زمانی تورکی و فارسی و عەربیش بەدرێژایی هەرسێ ساڵەکە وانەی سەرەکی قوتابخانەکە بووە.

پێنجەم: قوتابخانەکە لە پاڵ هەبوونی مامۆستا و قوتابی، ئەوا پاسەوانیشی هەبووە و ئەمەش لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە بایەخی پێدراوە و مووچەی تایبەتی بڕاوەتەوە.

## لیستی سەرچاوەکان:

### بەڵگەنامەکان:

BOA. DH. MKT. 02433.00080. 001, 1318.

BOA. DH. SAİD. 00158. 00216, 1327.

BOA. DH. SAİD. 00174.00182, 1328.

BOA. DH. SAİD. 00193.00087, 1329.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە( ٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

BOA. DH.SAİDd. 00154. 00233, 1326.

BOA. MF. İBT. 00044, 1312.

BOA. MF. İBT. 00048, 1313.

BOA. MF. İBT. 00056, 1314.

BOA. MF. İBT. 00060, 1314.

BOA. MF. İBT. 00110, 1319.

BOA. MF. İBT. 00129, 1320.

BOA. MF. İBT. 00143. 001, 1321.

BOA. MF. İBT. 00160, 1323.

BOA. MF. İBT. 00162, 1323.

BOA. MF. İBT. 00184, 1324.

BOA. MF. İBT. 00217, 1326.

BOA. MF. İBT. 00226, 1327.

BOA. MF. İBT. 00247, 1327.

BOA. MF. İBT. 00317, 1329.

BOA. MF. İBT. 00321, 1329.

BOA. MF. İBT. 00348, 1329.

BOA. MF. İBT. 00408, 1331.

BOA. MF. İBT.00013, 1296.

BOA. MF. MKT. 00087. 00082, 1302.

BOA. MF. MKT. 00160. 00083, 1310.

BOA. MF. MKT. 00363. 00048, 1313.

BOA. MF. MKT. 00502. 00020, 003, 1318.

BOA. MF. MKT. 00502. 00020, 1318.

BOA. MF. MKT. 00541. 00016, 1318.

BOA. MF. MKT. 00541. 00016. 001, 1318.

BOA. MF. MKT. 00654. 00061. 001, 1320.

BOA. MF. MKT. 00654. 00061. 002, 1320.

BOA. MF. MKT. 00821. 00038. 001, 1322.

BOA. MF. MKT. 00914. 00008.001, 1324.

BOA. MF.İBT. 00044, 1312.

BOA. MF.MKT.00344.00006.016. 1314, 33.

**قاموس:**

سامی، ش. 1315هـ / 1897 م . قاموس ترکی، درسعادە (ئەستەنبۆڵ)، اقدار مطبعەسی.
Yeni Turkce Lugat رشديه rüşdiye maddesi. Sayfa:354.

**ساڵنامەکان:**

سالنامة نظارت معارف عمومية، برنجی سنة (ساڵی یەکەم) ، 1316هـ / 1898 م، 1201
سالنامة نظارت معارف عمومية، دردنجی سنة (ساڵی چوارەم) 1319هـ / 1901م ، 916-917.
سالنامة نظارت معارف عمومية، التنجی سنة (ساڵی شەشەم) 1321هـ/ 1903م ، 683.
سالنامة نظارت معارف عمومية، 1310 – 1311هـ/ 1892-1893م، 42.
سالنامة دولت عليه عثمانية، 1290 هـ / 1873 م، 211-212
سالنامة بغداد، دفعة 1، مطبعةء ولايت بغداد، 1292 (1875).
موصل ويلايتی سالنامة رسميسيدر، 1330 هـ ، موصل مطبعەسی، 276.
موصل ويلايتی سالنامة رسميسيدر، 1312 هـ ، موصل مطبعەسی، 169.
سالنامة ويلايت بغداد، 1292، مطبعةء ويلايت بغداد، دفعه 1، 94

**کتێبەکان:**

**أ/ کوردی:**

ئەحمەد، بژار عوسمان. 2020. کوردستان لە سیاحەتنامەی ئەولیاچەلەبیدا (بەرگی یەکەم: باشوری کوردستان). سلێمانی: ناوەندی سارا.

توفیق، علی. 1310. تدریسیات رشدية کتبخانەسی (قرق التنجیسی) ممالك عثمانية جغرافیاسی. استانبول: قصبار مطبعەسی.

کاکەسور، محەمەد عەبدوڵڵا. 2004. گەشەکردنی خوێندنی فەرمی لە لیواکانی کوردستانی عێراق دا. بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی.

قادر، مهدي محمد. 2021. التعليم في جنوب كوردستان في العهد العثماني 1869-. أربيل: مطبعة جامعة صلاح الدين.

هەروتی، سەعدی عوسمان. 2023. هەولێر لەسەردەمی عوسمانیدا 1514-1918. هەولێر: چاپخانەی کاروان.

**ب/ عەرەبی:**

اوغلو، نجات كوثر. 2016. التعليم في كركوك قديما وحديثا (1535-2010). ج1، لندن: دار الحكمة.

**نامە زانستییەکان:**

*Bakr, Ashti Rahman. 2015. OSMANLI DÖNEMİ'NDE ERBİL (18. VE 19. YÜZYILLARDA). MA. KAHRAMANMARAŞ SÜTÇÜ İMAM ÜNİVERSİTESİ, KAHRAMANMARAŞ.*

*DOĞANAY, Fatma KAYA. 2011. TANZİMÂT'TAN CUMHURİYET'E RÜŞDİYE*

*MEKTEPLERİ. DOKTORA TEZİ, ATATÜRK ÜNİVERSİTESİ ,ERZURUM.*

*Mustafa, Sayd Mohammed K. 2016. ERBİL ATABEYLİĞİ DÖNEMİNDE EĞİTİM. Yüksek Lisans Tezi, İstanbul.*

*Rasoul, Muhammed Rasoul. 2017. History of Kirkuk from the Beginning of the Nineteenth Century until Becoming Part of the Iraqi Monarchy in 1925, OhD. University of Erfurt, Erfurt.*

*TOONJİ, Hashim Jasim Mohammed. 2016. ERBİL KAZASI'NIN SĠYASĠ, SOSYAL VE EKONOMĠK DURUMU (1876-1908). DOKTORA TEZİ, KONYA*.

**گۆڤارە زانستییەکان:**

بيات، فاضل مهدي. 1994. التعليم في العراق في العهد العثماني – دراسة تاريخية في ضوء السالنامات العثمانية. القسم الثاني.

**گۆڤار:**

گەلاڵەیی، موحەممەد. 2023. ڕەوشی پەروەردە، قوتابخانە و مامۆستایان لە قەزای ڕواندز لە 1868-1916 بە پێی بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی عوسمانی. گۆڤاری ئاژین: ژمارە (4).

برایم، یاسین. 2023. عەبدولحەکیم ئەفەندی، مامۆستای یەکەمی قوتابخانەی ڕوشدیە لە ڕواندز و هەولێر. گۆڤاری دیوان: ژمارە (27).

---

# The Role of Erbil Rushdiyye School in the Education Process 1868-1918 "An Analytical Historical Study"

**Dr. Bzhar Othman Ahmed**
Department of History, Faculty of Arts, Soran University, Soran Kurdistan Region, Iraq.
bzhar.ahmed@hist.soran.edu.iq

***Keywords:*** *Erbil, School, Rushdiyye, Teacher, Student.*

## Abstract:
Science and scholars have played important positions in Kurdish society throughout history, leaving behind a legacy of publications and works. Historically, mosques, schools, and classrooms served as the focal points for scientific knowledge and the establishment of scientific institutions. However, during the latter era of Ottoman governance in Kurdistan the school, both in a broad sense and specifically in Erbil,

holds an official status. The government implemented a policy to pay the school teacher's salary and support pupils to pursue their studies.
Curiously, despite the mention of the Rushdieh School in Erbil and its contribution to the advancement of science in the city by multiple sources, the author was unable to locate the required Ottoman records. Comprehensive information regarding all facets of this school is not completed.
This study has employed various scientific methodologies, including historical analysis, textual examination, and textual analysis of documents as primary sources. Additionally, other scholarly sources such as books, research papers, and scientific literature have been utilised. Furthermore, a comparative approach has been employed between sources, as well as the examination of calendars and official documents pertaining to the Ottoman Empire, which offer comprehensive insights into the subject matter.
The study aims to examine the impact of the Rushdiyye School on the community in Erbil from 1868 to 1918. During this period, the school had a significant role in fostering the scientific development of Erbil, resulting in the cultivation of a scientific mindset among the city's youth.

## دور المدرسة الرشدية في اربيل في خدمة العلم وامعرفة 1868-1918
### "دراسة تاريخية تحليلية"

**ملخص:**
كان العلم والعلماء مكانة كبيرة في تاريخ المجتمع الكردي، وقد الف العلماء الكرد في شتى المجالات المختلفة، وكانت للمساجد والمدارس و الخانقاتها والزاويا بمثابات مراكز التعليم، لكن في اواخر العهد العثماني في كردستان افتتحت المدارس الرسمية من قبل الدولة في اغلب مدينة الكردية، ومنها مدينة اربيل، وكانت نفقات المدرسة والرواتب المدرسين وتوفير المستلزمات على عائق الدولة. فعلى الرغم من وجود المعلومات المفيدة في المصادر التاريخية على الدور الذي قامت به المدرسة الرشدية في

اربيل لتقدم العلم والمعرفة، الا انها افتقرة الى الوثائق العثمانية نظرا لأهميتها لما فيها من معلومات مفيدة والمتكاملة لكافة جوانب المدرسة.

اتبعنا في هذا البحث على المنهج الاكاديمي المتبع ومنها المنهج التحليلي ولاسيما لتلك الوثائق التي حصلنا عليها وكان بمثابة المصدر الاساسي للموضوع، كما استفدنا ايضا المصادر والرسائل الجامعية لإغناء البحث، وقمنا بمقارنة المصادر والوثائق الرسمية والسالنامات الدولة العثمانية والتي اوجدنا فيها المعلومات دقيق حولها.

لقد حاولنا جاهدا في هذا البحث عرض الدور التاريخي لمدرسة الرشدية في اربيل واثرها على حياة العلمية فيهما مابين سنوا 1868-1918، فالمدرسة في هذه الفترة التاريخية قدمت خدمات جليلة لأهالي المدينة حتى تخرجت في هذه المدرسة العديد من ابنائها وعن طريقها نضجو في علوم شتى.